# حکومەتی هەرێم بایەخی تەواو به خوێندنی زمانی کوردی له شاری کەرکووک دەدات

**لەسەر بڕیار و ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی ٢٦٠ ملیۆن دینار بۆ خوێندنی زمانی کوردی له کەرکووک دابین دەکرێت**

شیڤان عەبدولڕەحمان بەرپرسی لقی قوتابیانی کەرکووك (پارتی دیموکراتی کوردستان)، سەرەتا دەستخۆشی لە گرنگیدانی حکومەتی کوردستان بە خوێندنی زمانی کوردی لە شاری کەرکووك دەکات و، هاوکات هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە سەر بڕیار و ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (مەسرور بارزانی) بڕی ٢٦٠ ملیۆن دینار بۆ خوێندنی زمانی کوردی لە شاری کەرکووك خەرج دەکرێت.» هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «سەرەڕای ئەوەی خوێندن لە شاری کەرکووك دەستی پێ نەکردووە، حکومەتی کوردستان دەستپێشخەری کرد بە خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ خوێندنی کوردی لە شارەکە لە غیابی حکومەتی عێراق، هەرچەندە خوێندنی کوردی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی عێراقە»، ئەوەشی خستەڕوو کە «لە کەرکووك نزیکەی ٥٠٠ قوتابخانەی خوێندنی کوردی هەن، کە زیاتر لە ١٠٠ هەزار قوتابی تێیدان دەخوێنن.» گوتیشی: «ئەم هاوکارییانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ شاری کەرکووك، ئەوە دەگەیەنێت کە هەرێمی کوردستان هیچ کاتێك پشتی لە کەرکووك نەکردووە و، هەمیشە لای گرنگ بووە کە خزمەتی تەواوی شارەکە بکات. هەر وەك دەزانرێت، کەرکووك لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە، بەڵام حکومەتی هەرێم بەردەوام خۆی بە خاوەنی کەرکووك زانیوە و جێگای تایبەتی هەبووە لە گفتوگۆکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەغدا و هیچ کات پشتگوێی نەخستووە و بە دەم داواکاریی خەڵکەکەیەوە هاتووە .»

بەرپرسی لقی قوتابیانی کەرکووك، لە درێژەی لێدوانەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە : «حکومەتی عێراق بە هیچ شێوەیەك ئاوڕی لە شاری کەرکووك نەداوەتەوە، بە تایبەتی خوێندنی کوردی کە هیچ لە پێداویستییەکیان بۆ دابین نەکراوە، بەڵام لەم دۆخە خراپە ئابوورییەی کە حکومەتی کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێت، شاری کەرکووکی لە بیر نەکردووە، هەوڵی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی قوتابخانە کوردییەکان و دابینکردنی ئەو بڕە پارەیەش بۆ خوێندنی کوردی، سەلماندنی کە خاوەنی ڕاستەقینەی شارەکەن و دەنگدانەوەیەکی باشیشی بە دوای خۆیدا هێنا.» گوتیشی: «لە ئێستادا هەڕەشەیەکی زۆر لەسەر خوێندنی کوردی هەیە لە کەرکووك بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی، بەڵام ئەم هاوکارییەی حکومەتی هەرێم دەریدەخات کە پارێزەرێك بۆ خوێندنی کوردی لەم شارە هەیە و هیچ هێزێك ناتوانێ خوێندنی زمانی شیرینی دایك لە شارەکە بشێوێنێت، هەر وەك بڕیارە ئەم هاوکارییانەی حوکمەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت و درێغی نەکەن لە خزمەتکردنی خوێندنی کوردی بەگشتی و لە شاری کەرکووك بەتایبەتی.»

زەینەب رزگار کارگێڕی لقی کەرکوك (ی.ق.ك)، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هەوڵە یەك لەدوا یەکەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ شاری کەرکوك بەردەوامە و، خیانەت و داگیرکاری نەبووە



**لەسەر بڕیار و راسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (مەسرور بارزانی) بڕی ٢٦٠ ملیۆن دینار بۆ خوێندنی زمانی کوردی لە شاری کەرکووک دابین دەکرێت، بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، بڕوانامەی زانکۆکانی سنووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بە فەرمی هەژمار دەکرێن. ئەو هەنگاوانە دەرخەری ئەو راستییەن کە حکومەتی هەرێم هەمیشە خەمخۆرانە داکۆکیکاری مافەکانی قوتابیانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بووە و، هیچ کاتێك سازش لەسەر مافە رەواکانیان ناکات. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە را و سەرنجی خۆیان هەیە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

**بە هۆی حوکمی سەربازی و ئەو نائارامی و فەراغی ئەمنییەی کە هەیە، کورد هیچ بڕوایەکی بە دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم نەماوە**

هۆی ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێزدار مەسرور بارزانی پشت لە کەرکووك بکەن، بەڵکو زیاتر و زیاتر سوورن لەسەر ئەوەی کەرکووك بەشێکی جیانەکراوەی کوردستانە، بەتایبەت دوای ئەوەی جەنابی رێزدار مەسرور بارزانی بڕی ٢٦٠ ملیۆن دیناری تەرخان کرد بۆ خوێندنی کوردی لە شاری کەرکووك، ئەوەش سەلماندنی ئەو راستییەیە کە حکومەتی عێراق هیچ کات ئاوڕی لە خوێندنی کوردی شاری کەرکوك نەداوەتەوە، بەڵکو لە هەوڵی نەهێشتن و لاوازکردنی بەشی خوێندنی کوردی لە کەرکووك بووە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە لە خەمی کەرکووك و کەرکووکییەکان بووە و خۆی بە خاوەنی ئەم شارە زانیوە و، هیچ کات پشتی تێ نەکردووە، سەرجەم هەوڵەکانیشی بۆ باشترکردنی دۆخی کەرکووك بەردەوام بووە.» گوتیشی: «خوێندنی کوردی لەم کەرکووك پێویستی بە ئاوڕدانەوەی جددی هەبووە و، بەشێکی زۆری قوتابخانەکانی بەشی خوێندنی کوردی لەم شارە بێبەش بوون لە خزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی، سەرەڕای ئەوەی خوێندنی کوردی لە شارەکە سەر بە حکومەتی عێراقە، بەڵام هیچ کات خۆیان بە خاوەنی نەزانیوە و لە هەوڵی باشکردنی دۆخی قوتابیانی کورد نەبوون لەم شارە، هەر بۆیە هەوڵەکانی ئەم کابینەیە و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگای دەستخۆشییە و هەر تاکێکی ئەم شارە شانازی بە هەوڵە نەپچڕاوەکانی حکومەتی هەرێم دەکەن کە بۆ کەرکووك لە بەردەوامییە، دەست هەڵنەگرتنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە کەرکووك دەرخەری ئەو راستییەیە کە هیچ کات جیاکاری لە نێوان کەرکووك و شارەکانی تری کوردستان نەکراوە.»

ئەشواق جاسم کچێکی ئاوارەی کەرکووکییە و لە هەولێر نیشتەجێ بووە. ئەو رای وایە: «بە هۆی حوکمی سەربازی و دۆخی داگیرکاری لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و بەهۆی ئەو نائارامی و فەراغی ئەمنییەی کە هەیە، کورد هیچ بڕوایەکی بە دۆخی ناوچەکان نەماوە، بەڵام ئێستا هەزاران خێزانی ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بە چاوی ئومێدەوە دەڕواننە هەنگاوەکانی سەرۆکی حکومەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان لە سالی نوێی خوێندندا، هەروەها کەرکووکییەکان و ناوچە کوردستانییەکانی تریش بە ئومێدەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانن بۆ ناوچەکانیان، چونکە بە گەڕانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کەرکووك هەزاران خێزانی ئاوارە بە ئازادانە بۆ زێدی خۆیان دەگەڕێنەوە.» گوتیشی: «لە غیابی هێزی کوردی لە شارەکە خوێندنی کوردی لە لێواری لەناوچووندایە، بەڵام خۆشبەختانە ئەمجارەش پارتی و سەرۆکی حکومەت بە هانای خوێندنی کوردی و خەڵکی شارەکەوە هاتن، بێگومانیشین لەوەی بە گەڕانەی پارتی، ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و سیمای کوردستانیبوون دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووك و ناوچەکانی دیکە.»





# بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا

## بارودۆخی خوێندن لە کەشێکی تەم و مژاویدایە

«بەداخەوە کۆرۆنا سیستەمی ژیان و هەموو ماناکانیشی گۆڕیوە، کوڕەکەم پۆلی دووی بنەڕەتییە و کچەکەشم پۆلی هەشت، واتە یەکێکیان لە قوتابخانە و ئەوی دیکە بە سیستەمی ئەلیکترۆنی دەخوێنێت، بۆ هەردووکیان ئاسوودە نیم، بەتایبەت بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی، من پێموایە قوتابی لەم سیستەمە زۆر زەرەرمەند دەبێت، چونکە منداڵ بە شێوەی ڕاستەوخۆ زیاتر شتەکان وەردەگرێت». ئەوە قسەی شەونم سەباح بوو. ئەو دایکی دوو قوتابیی قۆناغی بنەڕەتییە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە شوێنێکی وەك کوردستان سیستەمی ئەلیکترۆنی هیچ دەرەنجامێکی باشی بۆ قوتابی نابێت».

**سیستەمی ئۆنلاین و ئەلیکترۆنی لە داهاتوودا نەوەیەکی ئالوودە بوو بە تەکنەلۆژیا دروست دەکات، ئەوەش زیانێکی زۆری بۆ قوتابیان هەیە**

کۆمەڵناس هێمن ساڵح، یەکێکە لەو سەدان هاووڵاتییەی کە بۆچوونێکی نەرێنییان لەسەر سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ خوێندن هەیە. سەبارەت بە هۆکارەکەشی دەڵێت: «سیستەمی ئۆنلاین و ئەلیکترۆنی لە داهاتوودا نەوەیەکی ئالوودە بوو بە تەکنەلۆژیا دروست دەکات، ئەوەش زیانێکی زۆری بۆ قوتابیان هەیە، لە کاتێکدا ئێمە هەوڵەکانمان بۆ ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ سەر سرووشت و لە دونیای تەکنەلۆژیا دوور بکەوینەوە.» گوتیشی: «وەکو کۆمەڵناسێك هەمیشە هانی قوتابییانمان داوە کە مۆبایلیان بە هیچ شێوەیەك نەبێت، جگە لەوەش بارگرانییەکی زۆر دەخاتە سەر خانەوادەکانیان، خێزان هەیە، شەش قوتابی هەیە، ئایا شەش ئایپادیان بۆ دابین دەکات، یان لە توانایدا نییە و هەموویان لەسەر یەك ئایپاد دەخوێنن؟ دەکرا بیر لەشتی وردتر بکرابایەوە. بۆ نموونە وەکو گوندەکان کە سیستەمی ڕاستەوخۆ پەیڕەو دەکەن، دەکرا لە قوتابخانەکان سیستەمی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان پەیڕەو بکرایە، یان خوێندن تۆزێك دوابخرایە یانیش ئەمساڵ قوتابییان بە نەکەوتوو هەژمار بکرێن».

**خوێندن تەنیا پرسی فێربوون نییە، پرسی پێگەیاندن و پەروەردەکردن و ڕاهێنان و پەیوەندییە ئینسانییەکان و مامەڵە ئەخلاقی و ڕەفتارییەکانە**

کۆمەڵناس ئیبراهیم حاجی زەڵمی، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە کۆمەڵناسی و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «پرۆسەی خوێندن لە قوتابخانەکان، پرسێکی پەروەردەیی و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە و وابەستەیە بە هەموو کایە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە کایەی مەعریفی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی. کاتێك کۆرۆنا وەك مۆتەکەیەك سەرسنگی کۆمەڵگە دەگرێت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، لەبەر سەلامەتی و ژیانی گشتی بڕیاری پێویست لەوبارەوە دەدەن، ئیتر ئەمە وەڵامدانەوەی ئەو دۆخە نەخوازراوەیە کە کۆرۆنا هێناویەتە ئاراوە. بەڵام کاتێك پرسیار دێتە سەر ئەوەی ئایا بۆ ئەم دۆخە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری خویندن بە ئۆنلاینی ڕاگەیاندووە، بەم ڕێگەیە خوێندکار سوودمەند دەبێت؟ ئەوکات بە سێ خاڵی کورت دەمەوێ ڕای خۆم بخەمە ڕوو: یەکەم: باش وابوو حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەو شێوازی دیکەی بەکار ببردایە، سوودی لە ئەزموونی وڵاتانی تر وەربگرتایە لە شێوەی بەرەنگاربوونەوەی ئەم نەخۆشییەو پاشان چۆنیەتی بەرێوەچوونی پرۆسەی خوێندن بەوەی لە ئۆنلاین بێتە دەرەوە. ئیتر حکومەت دیارە بیانووی دارایی و نەبوونی خەرجی تەوزیفکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی هەیە کە لە دەرەوە پەیرەو دەکرێن، هەروەها بیانووی ڕەفتەنی تەماشەکردنی ئەم پەتای کۆرۆنایە، یان هەرچی. دووەم: بوارنەدان بۆ



**بەپێی ئامارەکان لە هەرێمی کوردستان ١،٧٠٧،٢٤٩ قوتابی و ١٢٠،٦٥٨ مامۆستا و ٦،٤٢٩ قوتابخانە هەیە و، ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردووش زەنگی ساڵی نوێی خوێندن لێ درا. قۆناخی ١٢ـی ئامادەیی لە بەشێك لە قوتابخانەکان دەستیان بە دەوام کردووە، بڕیارە بەشێوەیەکی کاتی پۆلەکانی یەك و دووی بنەڕەتیش لە ١٠/١٠ لە قوتابخانەکانیان دەست بە خوێندن بکەنەوە و قۆناغەکانی دیکەش تا پۆلی ١١ بە شێوەی ئەلیکترۆنی بخوێنن، ژمارەیەك لە هاووڵاتیانیش لە بارەی ئەو سیستمی خوێندنە راو سەرنجی خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

قووڵنەبوونەوە بۆ چارەسەرەکان لەلایەن پسپۆران، هەروەها زاڵی عەقڵییەت و بیری راییکردن و لەکۆڵکردنەوەی پرس و بابەتەکان بە ئاسانترین ریگە کە بکرێت، بوەتە ڕێگە چارەسەری پرس و قەیرانەکانی ئەمڕۆی کوردەواری.. ئیتر چی دەبێت و چی بەسەر پاشەڕۆژدا دێت، گرنگ ئەوەیە بیانوویەك ئامادە بێ و بە مەجبووری بۆ ماوەیەکی کاتی بەسەر خەڵکیدا بیسەپێنن، ئیتر دواتر ئەو بڕیارە تا هەرکات بیانەوێ درێژی دەکەنەوە، ئەوەش بۆ ئەوانەی بەرپرسن، ڕێگەیەکی ئاسان و کەم مەسرەفە، سوود و بەرژەوەندیداریشە بۆ دەست و دایرە ئیتر قەی ناکات. سێیەم: کە پرسیش دێتە سەر سوودمەندی و زیان بۆ پرۆسەی خوێندن بە ئۆنلاین، بە دڵنیاییەوە تا سەرئێسقان ئەم بریارە لە زیانی خوێندکاردایە، چونکە خوێندن تەنیا پرسی فێربوون نییە، پرسی پێگەیاندن و پەروەردەکردن و راهێنان و پەیوەندییە ئینسانییەکان و مامەڵە ئیخلاقی و رەفتارییەکانە.. واتە دوورکەوتنەوەی قوتابی لە خوێندن لە قوتابخانەکاندا زیانی تەواوی لەم بوارانە بەر دەکەوێت. بۆیە بۆ قوتابی ماناکانی هاوڕێیەتی و پەیوەندییە قوتابییەکان و پەیوەندییە ئیدارییەکان و پەیوەندییە رەسمیەکانی وەك ئامادەبوون و گوێڕادێری و هاتن و چوونە ژوورەوە و چوونە دەرەوە و ماناکانی مامۆستا و هاوڕێ و پەیوەندییە ئینسانییەکانی قوتابخانە هەموو بەرکەنار دەکرێن. بەوەش یەك دونیا مامەڵەی هەمەجۆری لەدەست دەردەچێت، واتە کاتێك خوێندن بە ئۆنلاین دەکرێت. ئیتر قوتابی وەك ئەو کەسەی لێ دێت کە لە زیندانێکی موحتەرەمدا خەریکی فێربوونە. بۆیە بە رای من زیانی خوێندن بە ئۆنلاین سەرباری زیانی کۆرۆنایە کە لە ئازیزان و خۆشەویستان کەوتووە».


لە میانی کردنەوەی ژمارەیەك قوتابخانە لە سنووری پارێزگای سلێمانی، ئالان حەمە سەعید، وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەییدا قسەی لەسەر دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن لە هەرێمی کوردستان کرد و رایگەیاند: «ئەگەر بزانین ئامازەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن رەوشی تەندروستی بەرەو باشتر دەچێت، بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی هەروەها ئەنجومەنی وەزیران قابیلی هەموو گۆڕانکارییەکن، بەڵام ئەگەر بزانین خوانەخواستە رەوشی تەندروستی خراپتر دەبێت، لەوە دەچێت ناچاربین قۆناخی دیکەش دابخەین و قۆناخی یەك و دووش نەکەینەوە». بۆ ئەوەش تاوەکو ١٠-١٠ دەرفەت لەبەردەم وەزارەتی پەروەردە هەیە. بە گوتەی وەزیری پەروەردە، خوێندنی ئەلیکترۆنی، خوێندنێك نییە قوتابی پێویستی بە کارەبا و ئینتەرنێت هەبێت لە کاتێکی دیاریکراودا، چونکە «ئەپلیکەیشنی ئۆ فلاین»یشیان دروست کردووە، هەموو وانەکان لەسەر ئەو ئەپلیکەیشنە هەیە، کە یەکجار ئینتەرنێتی پێویستە بۆ ئەوەی قوتابی دایانبەزێنیت». پێشتریش دکتۆر سەیوان کاکەیی، بریکاری وەزیری پەروەردە بە راگەیاندنەکانی راگەیاندبوو، «نزیکەی ٩٠٠ گوند لە هەرێمی کوردستان ئینتەرنێتیان ناگاتێ، ئەو ٩٠٠ گوندە رێنماییان بۆ دەرچووە بە رێکاری تەندروستییەوە دەوامی ئاسایی دەست پێ بکەن، بە جۆرێك نابێت نێوانی قوتابیان لە مەترێك کەمتر بێت».

**بە پێی ئامارەکان لەهەرێمی کوردستان ١،٧٠٧،٢٤٩ قوتابی و ١٢٠،٦٥٨ مامۆستا و ٦،٤٢٩ قوتابخانە هەیە**

**خێزان هەیە، شەش قوتابی هەیە، ئایا شەش ئایپادیان بۆ دابین دەکات، یان لە توانایدا نییە و هەموویان لەسەر یەک ئایپاد دەخوێنن؟**

## شێرزاد هەینی:

# چوار کچم هەیە لە زەماوەندەکانیان تا کازیوە شاییم کردووە و ئاهەنگمان گێڕاوە



نووسەر و وەرگێڕ شێرزاد هەینی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە وێستگەکانی ژیانی خۆی دەکات. ئەو کەسایەتییە ناسراوە زیاتر لە سەد کتێبی چاپکراوی هەیە. سەبارەت بە ژیانی تایبەتیی خۆیشی ئاشکرای دەکات، باوکی چوار کچە کە لە کۆمەڵگەیەکی ئەورووپی گەورە بوون و، خۆیان هاوسەریان هەڵبژاردووە و، خۆیان بڕیاری خوێندن و دەرچوون و جلوبەرگیان داوە. ئەوەش دەخاتەڕوو کە زۆرترینی ئەو بابەتانەی وەریاندەگێڕێت، نووسینی ئافرەتان بووە.

***پرۆسەی نووسینەکانی شێرزاد هەینی چۆن دەستی پێ کردو بە کوێ گەیشتووە؟**

- پرۆسەی نووسینم دەگەڕێتەوە ئەو دەمانەی ماڵمان لە باشووری عێراق بوو، ناوەڕاستی شێستەکانی سەدەی رابردوو، پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم، باوکم پۆلیسێکی دوورخراوە بووە، ئەو منی دەبردە مەخفەرەکەیان، لەوێ نامەم بۆ پۆلیسە کوردەکان بۆ کوردستان دەنووسی. تاکە نووسەری کوردی شوێنەکە بووم، لەوێ پاداشتم وەرگرتووە، ئێستا تامی شووشەیەکی فانتام لە دەم ماوە بۆیان کڕیوم. ئەودەمانەش پەرۆشی نووسین و خوێندنەوە بووین، کوردایەتی و شۆڕش و بارودۆخەکەی هەفتاکان و دواییش هەشتاکانیش! بەڵام ماوەیەکی زۆر لەبەر دۆخەکە و ئیشکردنم و سەرقاڵیمان بە خێزان و کاسبی لەو کەشە دوور دەکەومەوە، بەڵام عاشقی کتێب و رۆژنامە و کۆڕە ئەدەبییەکان بووین.

*** بە حوکمی ئەوەی پیاوێکی دڵتەڕی، ئەوین چ مانایەکی بۆت هەبووە؟**

- دڵم تەڕە، یان عیشق خۆی تەڕە، نەك تنۆکێك، تاڤگەیەکی لێوە دێتە خوارەوە. یان ئەو سروەیەکی شیرین و ناسکە و بوار نادات وەنەزێك بدەیت، یەخەت دەگرێت، دێتە سەر رێگات! ختوکەت دەدات و خۆت و تەمەن و هەندێ شتی تریش لەبیر دەکەیت. ناتوانیت نەنووسیت، ناکرێ وشك بیت. عیشق فێرت دەکات چاوەڕوان بیت، پەریشانیش بیت، هەر لەبەر ئەوەیە دەڕۆیت و ناتەوێ بگەڕێیتەوە، ماندووی و پشوو نادەیت. من چی بکەم ئەگەر شەرم نەکەم، نەترسم، تەمەنم لەبیربچێتەوە، سەری سپیم ببێتە رەمز و ناسین.

*** ئایا عیشق تەنیا بۆ رەگەزی مێیە، یان دیارییەکی خوداییە؟**

- منداڵ بووم باوکم ١٠ فلوسی دامێ بۆ کڕینی موسی ریش تاشین، پارەکەم لەناو خۆڵ و جۆگە پیسەکەی بەردەم ماڵەکەمان لەسەیداوە، لێ ون بوو و نەمدۆزییەوە، باوکیشم تووڕە کرد ئەو ونبوونەم لە بیرناچێتەوە، ئەوە دوو شەوە، بەو سەرە سپییەمەوە، چاوی رەشی ژنێکم ون کردووە، ئەگەر نەیدۆزمەوە، نووسین تووڕە دەکەم، بەڵێ عیشق بۆ هەموو سۆز و بیرەوەرییەکە.

*** وەك پیاوێکی کراوە و مەدەنی سەیر دەکرێیت، ئایا ئەم کراوەیی و مەدەنیەتە هەر بۆ دەرەوەیە، یان لەناو خێزانەکەشدا رەنگدانەوەی هەیە؟**

- دیارە من چوار کچم هەیە، لە ناوەکانیانەوە ویستم مانای سۆز و جوانی و ژیان بێت، یەکێکمان ناو ناوە (کەڤان _دایکی سێ کوڕە) یەکێکی تریان ناوی (رەڤان _ دایکی دوو منداڵە) ئەوی تریان (باهۆ _دایکی کیژێکە)، چوارەمیان (هەتان _ دایکی دوو منداڵە) ئەوانە لە سوید و لەناو کۆمەڵگەیەکی زۆر ئەوروپییانە گەورە بوون و خۆیان هاوسەریان هەڵبژاردووە و خۆیان بڕیاری خوێندن و دەرچوون و جلوبەرگیان داوە، خۆشم هانم دەدان، بەجلی مەلەوانی ئەوروپییانە مەلە بکەن، لە زەماوەندەکانیان شاییم کردووە و مەست بووم و تا کازیوەش لەگەڵ موزیك شادییمان گێڕاوە، لەگەڵ هاوسەرەکەشم نیوەی دونیا گەڕاوین، شەوانەش تا درەنگ لە دەرەوە ماوینەتەوە، لەسەر کەنارەکانیش مەلەوانیمان کردووە.

*** بە حکومی ئەوەی بایەخێکی زۆر بە رەگەزی مێ دەدەیت، ئایا کارە هاوبەشەکانی مێ لەگەڵ نێر چۆن بەراورد دەکەیت؟**

- بایەخدانم بە رەگەزی مێ زۆر سەیرە، زۆرترین ئەو بابەتانەی وەریاند ەگێڕم وا هاتووە نووسینی ژنانە بووە، بەڵام بە مەبەست و ئەنقەست نەبووە، وامزانیوە ئەو دەقە پێویستە بە کوردی هەبێت. نووسین و دەربڕین رەگەز ناناسێت. ئەگەر لە بەرهەمە جیهانییەکان و خەڵاتە ئەدەبییەکان و بڵاوکراوەکان وردبیتەوە نووسەرەکان رێژەی ژنی زۆرە و خوێنەریان زۆرە و هەوادارانی زۆرترن.

*** دوا ئاواتی شێرزاد هەینی چییە، کە تا ئێستا نەهاتبێتەدی؟**

- وا تەمەنم دەڕوات و تێدەپەڕێت تەواو خانەنشینم، بووم بە ٦٥ ساڵ و چەند نەخۆشییەکم هەیە و حەبم زۆرە و پەرۆشترین شت ئەوەی چاوەڕوانی بکەم، ئەوەیە زوو زوو دکتۆرەکەم منی لەبیر بێت و داوای دیتنم بکات، تا پێم بڵێت باشی و لەسەر حەبەکانت بەردەوام بە. زیاتر لەسەد کتێبی چاپکراوم هەیە، هاوسەر و منداڵەکانم باریان لەسەر من نەبووە، لەمێژە من بۆ نووسین و خوێندنەوە و سەفەر و خواردنەوە و ئیشکردن دانراوم، هەموو هیواکانیشم جێبەجێ بوون.

**لە بەرهەمە جیهانییەکان و خەڵاتە ئەدەبییەکان و بڵاوکراوەکاندا رێژەی ژنە نووسەرەکان زۆرە و خوێنەر و هەوادارییان زۆرترە**

**عیشق فێرت دەکات چاوەڕوان بیت، پەریشانیش بیت، هەر لەبەر ئەوەیە دەڕۆیت و ناتەوێ بگەڕێیتەوە، ماندووی و پشوو نادەیت**

**دوو شەوە، بەو سەرە سپییەمەوە، چاوی رەشی ژنێکم ون کردووە، ئەگەر نەیدۆزمەوە، نووسین تووڕە دەکەم**